# کوردو ژیانی پەنابەری

**لوقمان ـ ز**

دیاردەی کۆچ کردنی کوردان بۆ وڵاتانی دەرەوە رابردوویەکی زۆر دوور و درێژی نیە. دەکرێ بگوترێ کە لە نیوسەدە لەوەی پێشەوە ئەم دیاردەیە دەستی پێکردووە کە لەسەرەتاکانی حەفتاوە بەم لاوە توند و تیتر بووە و رادەی کۆچ کردنی کوران رۆژ لە گەڵ رۆژ زیادی کردووە بەجۆرێک کە رادەی پەنابەرانی کورد زیاتر لە ٢ ملیۆن دەبێ. هۆیەکانی کۆچ کردن جۆراوجۆرن: سیاسی، ئابووری، شەڕ و کوشتار و لەم دوایانەشدا بەتایبەت بەهۆی شەڕی ناخۆ لە باشووری کوردستان و ئاسۆی نادیاری نەشەر و نەئاشتی.

مرۆڤی کورد بەهۆی گوشاری لەرادەبەدەری داگیرکەران و بەهۆی نەبوونی ئازادی و ژیانێکی سەربەست و باش نەبوونی باری ئابووری لە کوردستان و بێکاری، شەڕ و گرتن و زیندان و کوشتار ناچار دەکرێ زێد و نیشتیمانی ۆی بەجێ بهێڵێ و ژیانی پەنابەری و دوورە وڵاتی هەڵبژێرێ. بۆ وەدەست هێنانی ژیانێکی خۆش و ئاسوودە زۆر کەس رێگای پڕ لە مەترسی و دژواری عێراق، توکیا و پاکستەن دەگرنەبەر و بەو هیوایە کە لەلایەن UNوە وەکوو پەنابەر وەرگیرێن و رەوانەی یەکێک لەو وڵاتانە بکرێن کە پەنابەر وەردەگرن. ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی فەرمی (رەسمی) لە لایەن UNوە وەردەگیرێ و پاشان دەنرێدرێ بۆ وڵاتێکی تر، گیروگرفتی نیشتەجێ بوونی نابێ و دوای وەرگیرانی بەشێوەیەکی رەسمی لە وڵاتێک دەخرێتە ژێر چاوەدێری سۆسیال و ئیدارەکانی پێوەندیدار بە کاروباری پەنابەرانەوە، بەڵا ئەوەی بە قاچاخ و لەرێگای قاچاقچجیەکانەوە بەدزی خۆی دەگەێنێتە وڵاتێکی ئاوروپی یان ئەمەریا و کانادا و داوای پەنابەرییان لێ دەکا، زۆرجار رەوانەی ئوردوگایەک دەکرێ کە ٢ تا ٣ ساڵ دەخایەنێ تاکوو بەشێوەی رەسمی وەرگیرێ؛ جاری واشە دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی و سەرگەردانی قبووڵ ناکرێ و ناچار دەکرێ ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ.

ئەمانە دەبنە هۆی زۆر گیروگرفت و زۆر نەخۆشی رۆحی و رەوانی بۆ پەنابەر، هەشن کەناتوانن ئەو وەزعە «تەحەم ـول بکەن و تووشی شێتی دەبن و سەر لە شێتخانە دەردێنن. ئەمرۆ سات و سەودا بەگیانی مرۆڤی کورد بۆتە شتێکی ئاسایی و بۆتە بازاڕێکی بەپیت و بەرەکەت بۆ قاچاخچیان و دارودەوستەی مافیا و لەو رێگایەوە بە ملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوێ و پەنابەری بێ دەرەتان وەک تۆپی فوتبال ئەم لاو و ئەولای پێدەکرێ. وا دەبینن چۆن مرۆڤی کورد بەخاتری گەیشتن بە ئوروپا ئامادەیە هەموو نرخێک بدا و چۆن لەناو دەریاکان و مەیدانی مینەکاندا دەبنە قوربانی و بەهەزاران کیلۆمەتر دوور لە زێد و نیشتیمان و بنەماڵە لە سەر خاکی بێگانە بەخاک دەسپێردرێن. لە گەڵ هەموو ئەو رووداوە دڵ تەزێنانەدا، مرۆڤی کورد رۆژ نیە بەرێگای قاچاخ خۆی نەگەیێنێتە تورکیا و لەوێراش بەنێو مەیدانی مین دا بۆ یۆنان و ئیتالیا لە رێگای دەریاوە کە زۆرجار دەکەونە دەستی پۆلیسی ئیتالیا و پاش ماوەیەکی دیەیان گێڕنەوە تورکیا. یان بەسەدان کۆچبەری کورد لە کووچە و کۆڵانەکانی شارەکانی یۆنان شەو و رۆژدەکەنەوە و بێ پەنا و پەسیو لە ژێر باران و سەرما لەسەر شەقامەکان دەخەون و مرۆڤایەتیش وەپشت گوێی خستوون.

لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم، چۆنیەتی ژیانی پەنابەری کورد بخەمە بەرچاوی خوێنەران و گیروگرفتەکان و راستیەکان بخەمە روو.

## گرفتی دایك وباوك و مناڵان

ژیانی ئوروپا بۆ مرۆڤی کورد بە گشتی بە هۆی جیاوازی فەرهەنگی کە نبەڕەتی گیروگرفتەکانە بۆتە هەهۆی ئەوەکە کورد بە گشتی نەتوانێ خۆی لە گەڵ فەرهەنگ وکولتووری وڵاتی خانەخوێ بگونجێنێ. ئەوەش بە هۆی ئەوەیەکە لە هەموو بوارەکاندا تووشی کەند و کۆسپی زۆر گەورە بێ و نەتوانێ لە ژیانی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژی خۆ بگونجێنێ. جیاوازی فەرهەنگ و زمان و ئایین و شێوەی ژیان و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی فیکری مرۆڤی کردی تووشی سەر لێشێواوی و نائومێدی کردووە.
دایک و بابەکان لەبەر ئەوەی بەفەرهەنگی کوردی گەورو بوون، زۆربەی هەرەزریان رێگا نادەن کە منداڵەکانیان تێکەڵاوی منداڵە ئوروپیەکان بن، پێیان دەڵێن ئاگاداری کردار و رەفتاری خۆیان بن و لە قوتابخانە گۆشتی بەڕاز نەخۆن و کچەکانیان دەبێ رووسەری بەسەریان دادەن و بچن بۆ وانەکانی قورعان خوێندن و پابەند بن بە ئایینی خۆیان. ئەم شێوە بیرکردنەوە لە نێو ئەو کوردانەی کە موسڵمانن زۆر بەرچاوە.

کچەکانیان مافیان نیە لە گەڵ مناڵە فنلەندیەکان بڕۆم بۆ سەفەر و گەشت و گوزار کە لەلایەن فێرگەوە رێک دەخرێ و دەبێ سوری هاوین و گەرمای ٣٠ ـ ٤٠ دەرەجە دەسرە لەسەر کەن و مانتۆ لەبەر بکەن. ئەوکارانە و شێوە بیرکردنەوانە بووتە هۆی

دروست بوونی زۆر گیروگرفت بۆ منداڵەکان بەتایبەت بۆ کچان کە لەدەرەوەی ماڵ لە فێرگەکاندا.

بەشێکی بەرچاوی دایک و بابەکان خوێندن و نووسینیان نیە یان زۆر کەمە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە نەتوانن فێر زمانی فینلاندی بن و لەراستیدا ئەوانەی کە تارادەیەک خوێندن و نووسینیان هەیە خۆیان زۆر ماندوو ناکەن تا فێری زمانی فینلەندی بن و زۆریان دایم دەبێ بۆ زۆر شوێن و کار کەڵک لە وەرگێر وەرگرن و ئەگەر لێیان دەپرسی بۆچی خۆتان هەوڵ نادەن تاکوو فێری زمان بن؟ دەڵێن: "جا بۆچیمانە خۆ نامانهەوێ ببین بە پرۆفیسۆر!" دیاردەیەکی دیکەش ئەوەیە کە هەندێک لە بنەماڵەکان منداڵەکانیان خستۆتە ژێر گوشار و وەکوو وەرگێر کەڵکیان لێ وەردەگرن، کە ئەوەش دیاردەیەکی زۆر ناحەز و خراپ و دژی یاساییە.

بەشێک لە پەنابەران دوای هاتنیان بۆ فینلاند، چەند شت باش فێر دەبن: یەکەم رێکەوتی پووڵ وەرگرتنی خۆیان و منداڵەکانیان، دووەم هەر زۆر زوو هەوڵ دەدەن بڕوانامەی ماشێن لێخورین وەرگرن و زوو ماشێنێکی گران کە نرخی لە ١٠٠ هەزار مارک بەرەو سەربێ، بکرن کە ئەودیاردەیەش بۆتە باو و تەنانەت کێ بەرکێ لە نێو هێندێک لە پەنابەراندا. سێهەم کۆنەفرۆشیەکان زۆر باش شارەزان و زۆریان لیباس و جلو بەرگی خۆیان و منداڵەکانیان لەوێ دەکڕن. چوارەم خێرا فێری قومار کردن دەبن و ئەو پوولەی وەری دەگرن لە دەزگا قومارەکاندا دەیدۆڕێنن.

رادەی بێکاری لە نێو کوردەکاندا زۆر لەسەرەوەیە، جگە لە هەندێک کە کاری رەسمی دەکەن یان دەخوێنن و هەندێکیشیان دووکانی پیتزا فرۆشی و کەل و پەلی خواردنیان هەیە، دەننا دەکرێ بگوترێ کە زۆربەیان بێکارن، لەبەراورد کردن لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی پەنابەر لە فینلەندا کوردەکان کەمایەتیەکی زۆر پاسیڤن. بەڵام خوا هەڵناگرێ بۆ شەڕ لە گەڵ یەکتر کردن و غەیبەتی یەکتر کردن زۆر ئەکتیڤ و چالاکن.

مرۆڤی کورد فێر بووە، بێگانە پەرست بێ و ئامادەیە بۆ بێگانە ملی خۆی بشکێنێ، بەڵا ئامادە نیە یەک زەرە لە بەرامبەر هاورەگەزی خۆی کۆتابێ کە ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە گیروگرفت و کێشە و هەرا زۆر بێ و زۆر کەس و بنەماڵە هەن کە یەتر نادوێێن. مەسەلەی جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینیش بۆتە هۆی گیروگرفتی زۆر لە نێوان کوردەکاندا و تارادەیەکی زۆر کاری کردۆتە سەر پەیوەندی نێوان کوردەکان. هەرکەس سەر بە هەرلایەنێکی سیاسی بێ، ئەوە بە پێی سیاسەتی ئەو حیزب و لایەنە هەڵس و کەوت لە گەڵ لایەنی دیکە دەکا. ئەگەر لە نێو حیزبە سیاسیەکاندا شەڕ و پێکدادان هەبێ، ئەوا لێرەش شەڕ و پێکهەڵپژران و قسەی سووک و ناحەز بەیەکتر کردن شتێکی ئاسایی دەبێ و ئەگەر حیزبەکان ئاشتی بکەن ئەوە لێرەش هەروا دەبێ.

بە بڕوای من مرۆڤی کورد، لەدەرەوە بۆتە داردەست وقوربانی سیاسەتی حیزبە جۆراوجۆرەکانی کوردی کە زۆرتە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبیان و شەخسیاندا هەوڵ دەدەن تاکوو بیری رزگاری گەل ونیشتیمان. ئەوە لە سیاسەتەکانیاندا دەردەکەوێ کە چۆن گەلیان کردۆتە قەڵغانی هەواو هەوەس و بەرژەوەندی خۆیان و چۆن سات و سەودا لە گەڵ داگیرکەران دەکەن و ناوی پێدەنێن بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان.

## قازانج و زیانەکانی ژیانی پەنابەری

لێرەدا هەندێک پرسیار دێتە بەرچاو وەک: مرۆڤی پەنابەری کورد لە ژیانی پەنابەریدا چ لەدەست دەدا چ وەدەست دێنێ؟ ئایا قازانج و زەرەرەکانی وەکوو یەکن؟ ئایا مرۆڤی کورد بە هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری دەتوانێ بگاتە ئازادی و سەربەستی و ژیانی ئاسوودەیی. ئایا مرۆڤی کورد بە هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری دەتوانێ ناسنامەی کوردبوونی خۆی بپارێزێ یان لە نێو گەلانی دیکەدا دەتوێتەوە. ئایا ژیانی پەنابەری مرۆڤی کورد بەرەو یەکگرتوویی نەتەوەیی دەبا و یان بەرەو جودایی و دابەش بوونی زیاتر لەوەیکە ئێستا هەیە؟ بە بڕوای من کورد بە هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری نەبە ئازادی دەگا و نەبەسەر بەستی، بەڵکوو لێرەش هەر کوێلەیە بەڵام بەشێوەیەکی دیکە. لێرە لە ئوروپا بەگشتی رۆژ لە گەڵ زۆژ مەسەلەی راسیم و دژایەتی لە گەڵ پەنابەر لە زیادبووندایە و زۆربەی زۆری خەڵکانی ئوروپا خوازیاری ئەوەن کە پەنابەران بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. لێرە پەنابەر مرۆڤێکی زۆر بێ دەسەڵات و بێ قیمەتە و لەچاوی مرۆڤی ئاوروپیدا ئێمەی سەرڕەش و دواکەوتوو کەمترین لەوان.

منیش خۆم پێم وایە هەرچەند ئێمە دەڵێین کە ئەوە بیرێکی راسیستیانەیە، بەڵام بەبڕوای من گەلی بێ دەوڵەت و دەسەڵات لە هیچ شوێنێ جیهان جێگای نیە و بەسووکی سەیری دەکرێ. رەنگە خوێنەر بپرسێ خۆ هەر کورد پەنابەر نیە و زۆر خەلکی دیکەش هەن کە دەوڵەتیشیان هەیە و پەنابەرن؟ ئەوە راستە بەڵام لە چاوی مرۆڤی ئوروپیدا ئێمە هەموومان وەکوو یەکین، چونکە کاتێک دەوڵەتێک دەبێتە دیکتاتۆر لە سەر خەڵکی خۆی و خەڵکی خۆی دەکوژێ و ناچاریان دەکا وڵاتیان بەجێ بێڵن، ئەو مرۆڤە پەنابەرە هیچ جیاوازیەکی لە گەڵ ئێمەی کوردی بێ پەناو پەسیو و بێ دەوڵەت نیە.

ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێ لە پێوەندی لەگەڵ پەنابەری کورد لە فینلەندە و دەتوانم بلێم لە ولاتانی دیکەی ئوروپادا زۆر دڵ خۆش کەر نیە و تارادەیەکی زۆریش مایەی نیگەرانیە کە بۆچی مرۆڤی کورد لێرە لە نێوا ئەو هەموو ئیمکاناتە کە بۆی رەخساوە هەروەکوو کوردستان بیردەکاتەوە و هەوڵ نادا زنجیری سوننەتە کۆنەکان، کە بوونەتە هۆی دواکەوتوویی و سەرنەکەوتنی لە پێی داماڵێ.

هەروەک لەسەرەتادا باسم کرد، بەشێکی بەرچاو لە دایک و بابەکان دەبنە هۆی خولْقانی دەیان گرفت بۆ مناڵەکانیان بۆ فێربوونی زانست. دەبێ ئەراستیە بزانرێ کە لەناو هەر فەرهەنگ و کولتوورێکدا لایەنی باش و خراپ هەن کە ئەوە کوردیش دەگرێتەوە، کەوابوو پەنابەری کورد دەبێ خۆ لەشتی دوا کەوتوانە و کۆنەپەرستانە رزگار بکاو بەچاوی باپیران سەیری جیهانی ئەمرۆ نەکا و پێویستە لەفەرهەنگی بێگانە شتی باش فێربێ و رێگا بە منداڵەکانی بدا بۆ فێر بوون و بەرەو پێش چوون. نابێ بەکەڵک وەرگرتن لە ئاین مێشک و زەینی منداڵان بشێوندرێ و بە گوتنی قسەی بێ بایەخ وەک ئێمە لەناو کافراندا دەژین و شتەکانیان حەرامە و دینەکەیان خراپە و هەر ئێمە و ئیسلام لەسەر حەقین و رێک و پێک ببینە هۆی خولْقاندنی گیروگرفتی زۆر گەورە بۆ منداڵان.

دیاردەیەکی گرینگ کە لەنێوا هێندێک لە بنەماڵەکاندا پەیدا بووە ئەوەیە کە رێگا بە منداڵەکانیان نادەن بچن بۆ کلاسی زمانی کوردی و فێری کوردی بن. بەلام دەیان نێرن بۆ کلاسی زمانی فارسی یان تورکی. من بەش بەحاڵی خۆم لە سەر ئەو بڕوایەم کە منداڵی کورد لێرە لە ئوروپا دەبێ بەشێوەیەکی باش و رێک و پێک هەوڵ بۆ فێربوون بداو فێری چەندین زمانی جیاوازبێ لەوانە تورکی و فارسی و عەرەبیش، بەلام لەپێشدا دەبێ فێری خوێندن و نووسین بەزمانی زکماکی خۆی بێ، تاکوو بتوانێ کەسایەتی وکەرامەت و شەخسیەتی خۆی بناسێ. ئەگەر منداڵ زمانی خۆی بزانێ ، هەست بە کەم و کۆڕی ناکا و زۆرباش دەتوانێ خۆی و گەلەکەی و مێژووی گەلەکەی بناسێ.

واباشە دایک و بابەکان بە گشتی هەوڵ بدەن منداڵەکانیان هان بدەن بۆ ئەوەیکە بچن بۆ کلاسی کوردی و فێری خوێندن و نووسینی کوردی بن و تەنانەت ئەگەر خۆیان نازانن هەوڵ بدەن فێربن تاکوو بتوانن باشتر یارمەتی منداڵەکانیان بدەن و بەشێوەیەکی دروست و زانستیانە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن.

## زمان ناسنامەیە

زمان ناسنامەی هەرگەل و نەتەوەیەکە و ئەگەر گەلێک زمانی لەناو بچێ ئەوە خۆشی لەناو دەچێ، پێشکەوتن و شارستانیەت و گەشە سەندنی فەرهەنگ بە زمانەوە گرێدراوە. ئێمەی کورد بە خۆشیەوە خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندین کە لەسەرانسەری کوردستانی پان و بەرین و خۆشەویستدا بەزاراوەجیاجیاکانی قسەی پێ دەکرێ و سەرەرای زەخت و گوشاری داگیرکەران، بۆ لەناو بردنی زمانەکەمان و هەوڵ دانیان بۆ سڕینەوەی فەرهەنگ ومێژووی کورد و کوردستان، گەلەکەمان توانیویەتی زمانی خۆی بپارێزێ. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە ئێمەی کورد خاوەنی دەوڵەت و سیاسەتی خۆمان نین و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەکە کورد نەتوانێ ببێتە خاوەنی زمانی هاوبەشی نووسین کە لەهەموو کوردستاندا پێی بنووسرێ. ئەوەش گیروگرفتێکی یەکجار زۆر گەورەیە لەبەردەم بەرەو پێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا و یەککخستنەوەی بەشەکانی کوردستان. تاکو ئەورۆژەی کورد خۆی بەتەواوی بەچەکی زانست تەیار نەکا و نەتوانێ یەککگرتووبێ، بێ گومان ناتوانێ بووکی ئازادی لە ئامێز بگرێ و سەربەست و ئازاد و سەربەرز بژی و ببێتە خاوەنی دەسەلاتی سیاسی خۆی. هەر مرۆڤێک لە سەر زێد و خاکی خۆی بەقەدر و قیمەتە، هەروەکو گوتوویانە بەرد لە جێی خۆدا سەنگینە. ئەوە زۆر راستە و ئەو وتەیە دەردەخا کە مرۆڤی پەنابەر چەند لێرە بەقەدر و قیمەتە.